# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

---

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس*

*بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## بۆکان لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت(4-2)

### دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان (نامەو دۆکومێنت)

نامەی مستەفا خۆشناو ژومارە(1325020)

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان

1. بەتەحقیق مەعلومەکەسەید نەسرولا و کوڕەکانی بەدائیمی هاتوچۆی سەقز دەکەن و ئەموالی قاچاغ وەک شەکر و چا و غەیرەئەوانەدەفرۆشن . بەدائیمی ئەوانەمخابەرەی بەینی حەمەداغا و براکانی و عائیلەو ئەشخاسی کەعەجەم پە رستن ئەکەن. لەبەر ئەوەرەجا ئەکەم مراجعەی کتابمان ژومارەبفەرموون و ئەهمیەتی پێ بدەن.

2. دووبارەتەئیدی ئیقتراحم ئەکەم کەخزمەکانی حەمەداغا ئەبێ لەو حدودەدوور بخرێنەوە.

3. رەجا ئەکەم ئەمر بفەرموون کەسەید نەسروڵڵا و کورەکانی کەسەید مەجید و سەید عەزیز و سەید عەلی و سەید عە بدوڵڵا بەفەوری لێرەدوور بخرێنەوە رەوانەی سابڵاغ بکرێن هەتا مومکینە.

4. ئقتراح دەکەم کەهێزی دیموکرات لەم حدودەدوور بخرێتەوەو بارزانی جێگای ئەوان بگرنەوەچونکەئەوانەلەسووڕەتی قەتعی واجبی خۆیان ئەدا ناکەن و لەرێگاکانی ئەوانەوە، ئەوانەمخابەرەو هاتوچۆ و قاچاغچیەتی تەئمین ئەکەن .

5. ئەگەر راشتان ئەوەیەلێرەبمێننەوەرەجا ئەکەم ئەمر بفەرموون بیلا قەید و شەرت بکەونەژێر ئەوامری ئێمەهەتا بتوانین بەگوێرەی قابلییەتیان کاریان پێ بکەین و ئستفادەیان لێ بکەین.

6. رەجا ئەکەم جوابی نووسراوەم بدەنەوە.

مستەفا خۆشناو        سەرکردەی هێزی ئەحمەداوا

---

نامەی بەکر عەبدولکەریم رۆژی 13250203

لەسەرکردەی هێزی بارزانیی سەرچاوەبۆ فەرماندەی هێزی بۆکان و ئەترافی

مەوزووع : ئیستخبارات

موخبر ئیفادەدەدات

1. ئەڵێ لەحاڵەتی هاتنەخوارەوەدوو تەیارەی دوشمن لەسەقز یەک تەیارەیان کەوتووەو شکاوەبەڵام مەعلوم نەکراوەکەتە یارەچی چی بەسەر هاتوە.

2. چەند رۆژێکەدوژمن خەریکی ئەسلەحەنەقڵ کردنە. بەرەورووی سنەدیتراوەکەتەقریبی 50 یەستر بەباری سیلاح و قسمێک لەتۆپی کوهستانی بار کرابوون بۆ لای سنەرۆیستوون.

سەرکردە هێزی بارزانی سەرجاوە

---

نامەی محەمەد نانەوازادە 13250206

حزب دیموکرات کوردستان

مهاباد

کومیتەمەرکەزی

فەرماندەی موحتەرەمی مەنتەقەی بۆکان و سەرا ئاغای قادرخان زادە

لەجوابی ژمارە/83 جی محەمەد سەعیدزادەسەرکردەی هێزی ناوەندی بەپێویست دەزانم عەرزو بکەم

1. بڵاو بوونەوی عەشایر لەئەترافی جەبهە یدا خودسەرانەبوەو مەرکەزی ئیتلاعاتێکی نیەئەلعان بۆ تەعقیبی ئەو کارە خودسەرانەی عەشایران . مەرکەز جیددەن داخڵی ئیقدامات بوەونەتیجەی بەوزوانەلیتان مەعلووم دەبێ

2. هەر ئەندازەمومکین بووەرۆژ بەرۆژ ئیمەلەناردنی قوا رانەوەستاوین . ئەلبەتەمەرکەز دایمەن دەفکری ئەو نوقتەحە ساسەدایەو بۆیەش فەرمانەیی وێی بەشەخسێکی وەک جەنابت واگوزار کردوەو بێ خەیاڵ نین . لەخودای بەرز و بێ هاواڵ موەفەقیەت و سەربەرزی ئێوەلەسەر وەدواکەوتنی نیاتی پاکی پێشەوای موعەزەم دەخوازم.

فەرماندەی پۆلی 3 هێزی ناوەندی نانەوازادە

---

نامەی حەمەرەشیدخان بۆ محەمەد نانەوازادە 13250207

وەزارەت هێز دیموکرات کوردستان

ستاد کول

بۆ فەرماندەی هێزی پۆلی 3 ی ناوەندی ئاغای نانەوازادە

مەوزووع : .........؟ قووەی عەجەم

بەپێی ئیزهاراتی ئاغای سمایل خانی فەروخی(1) وادەرکەوت کەئاغای کاکاغاشەفەویەن ئەمری فەرموەکەئەخباراتی دوژمن تان بۆ بنووسین . هێزی دوژمن لەمەنتەقەی سەقز و سەردەشت و بانەدا وەکوو تەفسیلاتی خوارەوەیە.

1. لەنەفسی سەقز مقداری 3000 نەفەری عەجەم بەوەسائتی جەنگی ، تۆپ و تەیارەو تانک و سائێرەمەوجوودەو لە دۆلی میرەدێ دا کەلەبەینی سەقز و بانەدا واقعەنەفەری عەجەم لەنەفسی دێی میرەدێ و تەمۆغەو کەلیخانا بەتەجهیزاتی جەنگیەوەمەوجووده. لەمەرکەزی بانەدا 1500 نەفەری عەجەم بەتەجهیزاتی مورەتەبی جەنگی هەیە. لەدەوری سەردە شتیشا تەقریبەن 1000 نەفەری مونوزەمی موسەلەحا مەوجوده.

2. بەپێی ئەخباری کەلەفەرماندەی ئەولاوەوەرگیراوە، ئاغایانی گەورک عومومەن بی ئیجازەبەهەموو عیدەیانەوەتەرکی جەبهەیان کردوەو جانبی موخالەفەتیان پەسند کردوە.

3. ئاغایانی دێبوکری و ئاغایانی ئێلخانی زادەبالعموم تەرکی جەبهەیان کردوەو شکلی مخالەفەتیان هیناوەو متەمادیەن ئە و ئاغایانەمخابەرەیان لەگەل قواتی عەجەما هەیەو مەقسەدێکی زۆر خراپیان لێ مشاهەدەئەکەم .

4. ئاغایانی بانەقسمەن لەگەل قووەتی عەجەمان و قسمەن تەئمیناتیان نیەو ناوێرن مداخەلەو هاتووچۆی لای عەجەم بکە ن و دیموکراتیان گرتوە.

5. حالی حازر تەنها عیدەی من و عیدەی بارزانی نەبێ هیچ وێنەعیدەیەکی تر لەجەبهەدانیەو دوژمنیش رۆژ بەرۆژ خە ریکی زیادی ئیستحکامات و برجانە. بۆ مەعلومات ئەم تەقریرەتان عەرز ئەکری.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە

روونکردنەوە:



1. بۆ ناسینی سمایل خانی فەروخی بروانە بۆکان لەمێژوودا ، نووسین وکۆکردنەوەی کاک ئەنوەر سوڵتانی شوماره ١٣٦ لە نووسینی کاک مە نسوور فەروخی. ماڵپەری رۆژهەلات بۆکان .
http://bokan.de/laperekan/nuseran/Kak%20Anwer/bokan/bokan136.pdf

**کورتە ژیانێکی هونەری – سیاسی سمایل خان فەڕوخی: http://bokan.de/ بەشی هونەر- وێنەگەری**

نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ سەرۆکی ستادی بەرزی کوردستان 13250211

دائیرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

بۆ سەرۆکی ستادی بەزی کوردستان

مەوزووع : مانەوەی ئاغای ئیسماعیل خان فەروخیە

ئاغای سمایل خانی فەروخی کەیەکێکەلەئەفسەرەقابیلەت دارەکانی جەمهووریەتی بەرزی کوردستان و ئێمەش دەمێکە چاوەڕێی ئەفسەرێکی ئاواین کەشارەزای ئەخلاق و قابیلەتی بین بۆ ئەوەی کەبەعزەکارێکی غەیرەموعەیەن مان هەیەلە حاڵاتی لزوما پێی بسپێرین . جا بەو موناسەبەتەوەتەڵەبی ئەوەئەکەم کەئاغای سمایل خان بخریتەسەر هێزی جەبهەو لەنەفسی سەرادا کاری پێ بسپێردرێ . لەموافەقەتی تەعین بۆ ئێرەتکایەدەمانچەیەکیشی بەخەڵات پێ ببەخشن .

فەرماندەی هیزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

درێژەی هەیە